# (سەنتەری هۆشیاری( تاك) وۆركشۆپێكی لەسەر گەندەڵی فەرمانبەرانی تەندرووستی هەولێر بەڕێوەبرد )

## دلشاد كاوانی هەولێر

بەرواری 15\1\2007 سەنتەری هۆشیاری (تاك) بەهاوكاری ڕێكخراوی (icsp) كۆمەڵگەی مەدەنی عیراقی وۆركشۆپێكی دووڕۆژی لەبەڕێوەبەرایەتی تەندرووستی هەولێر لەژێرناوی (دەروازەییەك بۆئاشنابوون لەگەندەڵی لەناودامودزگاكانی تەندرووستی ) بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرەكانی فەرمانگەو بنكە تەندرووستیەكانی هەولێر كردەووە ، كەتیایدا باسی رۆڵ و ئەركی مەهامی فەرمانگە تەندرووستیەكان و خستنە رووی گەندەڵی چارەسەركردنی كەمو كوریەكان كرا ،هەروەها تحسین خالید ڕێكخەری پرۆژەكانی سەنتەری هۆشیاری تاك پێی ڕاگەیاندین "كە چەندین بەرنامەو پرۆژەی تازەیان هەیە لەسەر گەندڵی ئیداری لەنێو دام ودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەلاّم وەك و سەرتاییێك ئەم پرۆژەیان بەهاوكاری ڕێكخراوی (icsp) كۆمەڵگەی مەدەنی عیراقی جێبەجێكردووە.